گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue2 2024
ID No 1554(PP 74-89)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.2.4

توێژینەوە

# ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی ١٩٦١-١٩٦٨

قارەمان حیدر رحمان *
اسماعیل عبدالله اسماعیل*

## پوختە

ڕۆژنامەی(لۆمۆند)ی فەرەنسی لەدوای دامەزراندنی لەساڵی ١٩٤٤، یەکێک بووە لە مەڵبەندە ڕۆژنامەگەرییە کاریگەرەکان، کە ڕووبەرێکی گونجاوی بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد تەرخانکرد. لەڕێگای سوود وەرگرتن لە زانیاریی سەرچاوەی جۆراوجۆر، لە نمونەی زانیاریی ئاژانسەکانی هەواڵ (فرانس پرێس)ی فەرەنسی و (ڕۆیتەرز)ی ئەمریکی و (تاس)ی سۆڤییەتی، یان کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد. هەندێکجاریش پەیامنێرانی ڕۆژنامەکە لە پایتەختی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیان سەبارەت بەو پرسە ئامادەکردوە. بەو هۆیەوە ڕۆژنامەکە توانی ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە ناساندنی دۆزی کورد لە ئێوەندە کاریگەرە سیاسییە ئێودەوڵەتییەکاندا و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی ( ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی ١٩٦١-١٩٦٨) ئەنجام دراوە، لە پێشەکی و پێنج تەوەر پێکهاتووە. لەتەوەری یەکەمدا، باس لە (سەرەتاکانی ناساندی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی لۆمۆند) کراوە و لەتەوەری دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەکە لە(سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم١٩٥٨-١٩٦٣). لەتەوەری سێیەمیشدا، بە هەمان ئامانجی پێشوو، بە باسێکی پوخت ئاماژە بە (سەردەمی هەردوو عارفی برا ١٩٦٣-١٩٦٨) کراوە. ئەوە سەرباری ئەوەی لەتەوەری چوارەم، هاوسۆزی ئێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد خراوەتەروو، لەدرێژەی بابەتەکەشدا و لەتەوەری پێنجەمی توێژینەوەکە، لە هەڵوێستی ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بەرامبەر هەمان پرس لە عێراقدا باسێکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە. دواجار لە کۆی ئەو باسانەدا، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، ڕۆژنامەی لۆمۆند، ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی دۆزی کورد بە کۆمەڵگەی ئێودەوڵەتی و ئێوەندە سیاسییە کاریگەرەکانی خاوەن بڕیار.

* بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
qaraman.rahman@su.edu.krd
ismael.ismael1@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/10/10
پەسندکردن 2023/11/26
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
دۆز،
کورد،
فەرەنسا،
ڕۆژنامە،
لۆمۆند.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-پێشەکی :**

ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، لەپێناو داکۆکیکردن لە بنەما دیموکراسییەکان و پراکتیزەکردنی ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ و بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە تیۆرەکانی ئازادیخوازی، لە (١٨ ی کانونی دووەمی ١٩٤٤) لەلایەن (هوبیریوف میری) لەسەر ڕاسپاردە سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا تشارل دیگول(١٨٩٠-١٩٧٠) دامەزرا. ئەم ڕۆژنامەیە، هەر لەسەرەتاوە، ئێوارەی هەموو ڕۆژێک لە شاری پاریسی پایتەخت بڵاوکراوەتەوە و (میری) بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٤-١٩٦٩) سەرنووسەر و سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری دامەزراوەکە بووە. دیارە پرسی کورد لە عێراق، یەکێک لەم بابەتانە بووە، ڕۆژنامەکە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا بایەخی پێداوە، وەک بەرگریکارێک لەمافی گەلانی چەوساوە. لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی کاریگەریی ڕۆژنامەکە لەخستنەڕووی دۆزی کورد لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەم لێکۆڵینەوە زانستییەمان بەناونیشانی( ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٨) ئەنجام دا.

**گرنگی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە هەڵسەنگاندنی نێوەندێکی ڕۆشنبیری لە وڵاتێک، کە داهێنەری دیموکراسییەت و جارنامەی مافی مرۆڤە لە مێژووی نوێدا بخەینەڕوو، بەرامبەر دۆز و خەباتی گەلی کورد، لە کاتێکدا تا ئێستا هەوڵی زانستی زۆر کەم لەم بوارەدا ئەنجام دراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** تێگەیشتنە لە ڕادەی بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازەکانی سەرکردایەتی کورد، لەپێناو خستنەڕووی دۆزی کورد لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەلایەن یەکێک لە ڕۆژنامە دیار و بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەڕێگای هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان، بە شێوازی ساڵبەندی ڕووداوەکانمان پۆلێن کردووە بۆ سەر چەند قۆناغێکی مێژوویی. لەگەڵیدا هەوڵدەدەین بابەتەکانی تایبەت بەو پرسە، شەنوکەوبکەین بەپیادەکردنی ڕێبازی وەسفی شیکاری لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەدا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی لە پێنج پێکهاتووە. لەتەوەری یەکەمدا کە بەناونیشانی(سەرەتاکانی ناساندی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی لۆمۆند) هاتووە، باس لە دەستپێکی گرنگیدانی ڕۆژنامەکە کراوە بە پرسی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان. دواتر تەوەرێکی دیکەی تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لەماوەی دوو ساڵی کۆتایی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە بەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد دەست پێدەکات، بەناونیشانی (سەردەمی حوکمڕانی عەبدوڵکەریم١٩٥٨-١٩٦٣). لەتەوەری سێیەمیشدا، لە چەند باسێک، تیشک دەخەینە سەر ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە هەمان ڕۆژنامە، لە (سەردەمی هەردوو عارفی برا ١٩٦٣-١٩٦٨). لەتەوەری چوارەمیش هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد دەخەینەڕوو، سەرباری ئەمەش لەتەوەری پێنجەم، باس لە هەڵوێستی ڕۆژنامەی (لۆمۆند) دەکەین بەرامبەر هەمان پرس لە عێراقدا.

سنووری توێژینەوە: لە ڕووی زەمەنییەوە، توێژینەوەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ١٩٦١ دەست پێدەکات و لەگەڵ کودەتای سەربازی لە١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ کۆتایی دێت. لەڕووی جوگرافییەوە، دەکەوێتە ناوچەکانی عێراق و ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکا.

**سەرچاوە سوودبەخشەکانی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لەم بابەت و هەواڵە ڕۆژنامەوانیانە لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لەماوەی نێوان (ئەیلولی ١٩٦١ تا تەمموزی ١٩٦٨) بڵاوکراونەتەوە. کە بەدڵنیاییەوە بەگشتی لەڕیزبەندی پێشەوەی سەرچاوە ڕەسەنەکانن، لە ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی.

**2- ناساندی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی لۆمۆند**

ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی دوای ئەوەی لە ڕۆژی سێشەممەی (١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٤٤) یەکەم ژمارەی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بڵاوکرایەوە(Le Monde, 19 décembre 1944). لە (١١ی کانونی یەکەمی١٩٤٥) نۆبەرەی بابەتەکانی لەسەر مێژووی کورد بەناونیشانی (لەبارەی کوردەکان) لەنووسینی باسیل نیکتین(١٨٨٥-١٩٦٠)ی سیاسەتمەرداری ڕووسی بڵاوکردەوە. تێیدا نووسەر، لەم تێزەدا پوختەیەکی مێژوویی لەسەر نەتەوەی کورد و پرسەکەی خستەڕوو".( NIKITINE,11 décembre 1945).

بەم شێوەیە ڕۆژنامەکە دەستیکرد بە بڵاوکرانەوەی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەوانی لەسەر دۆخی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جموجۆڵی سیاسی چالاکوانەکانیان لە ئەوروپا. لەم نێوەندەشدا تا ئەیلولی ساڵی ١٩٦١، چەندین بابەتی بە ناونیشان و لە ماوەی جیاواز لە یەکتری لەسەر دۆخی کوردەکانی باکوور(Le Monde, 28 décembre 1945) و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردەوە. لە نمونەی باسکردنی بەرخودانی مەلا مستەفا بارزانی(١٩٠٣-١٩٧٩) لە قۆناغی دووەمی ڕاپەرینی بارزان(١٩٤٥) لەدژی حکومەتی عێراق(Le Monde, 12 avril 1946) و دامەرزاندی کۆماری کوردستان لە مەهاباد(FERRO, 08 mai 1946) و چالاکی نیشتمانپەروەرانی کورد لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، بۆ گەیاندنی پرسی کورد بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان(Le Monde, 21 janvier 1946). دواجار لەدوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) لە مۆسکۆ وە بۆ بەغدا(Le Monde, 04 septembre 1958) ، ڕۆژنامەکە بەشی زۆری هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد لە باشووری کوردستان تەرخانکردووە.

گرنگیدانی ڕۆژنامەکە بە دۆزی کورد، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەستیاری پرسەکە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە، بەتایبەتی لەسەروبەندی ئەو گۆڕانە سیاسییەی عێراق لە ئەنجامی شۆڕشی(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) بەخۆیەوە بینی(زبيدي،1983، ص511) ، دوای ئەوەی پێگەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە عێراق لاواز بوو، بەڵکو وڵاتەکە زیاتر ڕوویکردە بەرەو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کە یەکێتی سۆڤیەت ڕێبەرایەتی دەکرد(جاسم،1980،ص104). بەم شێوەیە ئەم ڕۆژنامەیە، هاوشێوەی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی دیکەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، بە جیاواز لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاوی زیاتری لەسەر عێراق بوو. گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشەی سیاسیش لە عێراقدا، پرسی کورد بوو، کە بەدرێژایی دەیان ساڵ بوو بەهەڵپەسێردراوی مابویەوە(سلطان،1995،ص145). لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان لە ئەیلولی ١٩٦١(Gibson, 2015, p.9.) ، ڕۆژنامەکە بەسوود وەرگرتن لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە سیاسییەکانی دیکە، پانتاییەکی بەرفراوانی لەبەشێکی ژمارەکانی بۆ گواستنەوەی هەواڵە سیاسی و چالاکییە سەربازییەکانی کورد و شۆڕشەکەی تەرخانکرد. وێرای هەوڵدان بۆ خستنەڕووی هەڵوێستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەسەر شۆڕشەکە و پرسی کورد لە عێراقدا.

## ٣. ڕەنگدانەوەی سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم(١٩٥٨-١٩٦٣) لە ڕۆژنامەی لۆمۆند

شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) وەچەرخانێکی مێژوویی گەورە بوو لە عێراق، لەئەنجامی ئەم گۆڕانە ئەرێنییەی لە ڕژێمی سیاسی هاتەکایەوە، بەڵام حوکمڕانەکانی ئەم وڵاتە کە بە ڕێکاری سەربازی گەیشتنە دەسەڵات، لەدوای دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری، بە زمانی هێز مامەڵەیان لەگەڵ داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کرد(السمر،2012، ص٥)، بێگومان یاسا و ڕێساکانی بە خواستی فەرماندە سەربازییەکان، بەپێی بەرژەوەندی کەسی و لەژێر کاریگەریی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی نووسرانەوە، نەبوونە هۆی دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ پرسەکە. هەرچەندە بەنووسین و لەسەر لاپەڕەی دەستووری کاتی عێراقدا لە (٢٨ی تەمموزی ١٩٥٨)، دانیان بە بەشێک لەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دانا و خستیانە ناو بازنەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی لە وڵاتەکەدا(الوقائع العراقية،28تموز1958،ص2)، بەڵام بێ باوەڕی دەسەڵاتی سیاسی لەبەغدا، بەهاوبەشی لەگەڵ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی دیکەی جگە لە عەرەب، ڕێگای گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی لەبەردەم نیشتمانپەروەرانی کورد داخست و بەو هۆیەوە بەناچاری لە(ئەیلولی١٩٦١)، جارێکی دیکە ڕوویانکردەوە شاخەکان و خەباتی چەکداریان دەستپێکردەوە(ملا، 2008، ص110).

سەرباری هاوسەنگ نەبوونی هێز لەنێوان شۆڕشگێرە کوردەکان و سوپای عێراقی، هێزە کوردییەکان چەندین سەرکەوتنیان لەبەرەکانی شەڕ بەدەستهێنا(علي، 2001، ص76) ، ئەمەش وایکرد چالاکی پارتیزانی شۆڕشگێرانی کورد و پرۆسە سەربازییەکانی لەلایەن سوپای عێراقی لەناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان ئەنجامدران، دەنگدانەوەی گەورەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دروست بکات. بەتایبەتی لەنێوەندەکانی ڕۆژنامەگەری، کە دواجار ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن، بوونە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ناساندی پرسی کورد بە جیهان. یەکێک لەم کەناڵە ڕۆژنامەوانیانەش، ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بوو(Le Monde, 21 septembre 1961).

لە قۆناغی یەکەم، کە دەکەوێتە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم، لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە( ١١ی ئەیلولی١٩٦١ تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣). ئەم ڕۆژنامەیە (١٥) هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەوانی لەسەر چالاکییە سەربازی و هەروەها هەوڵی نوێنەرانی شۆڕشی کورد لەدەرەوەی عێراق بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و پشتیوانی نێو دەوڵەتی بڵاوکردەوە. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی

ئەم ناونیشان و بابەتانە، ڕۆژنامەکە بەڕادەی خۆی، بۆ ناساندی دۆزی گەلی کورد بە نێوەندە سیاسی و جەماوەرییەکان هاریکاربوو. لەبەرئەوەی بڵاوکراوەکە یەکێک بوو لە پڕخوێنەرترین ڕۆژنامەکان لە فەرەنسا و لە وڵاتانی دیکەش پشت بە زانیارییەکانی دەبەسترا، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو سوودی لێوەردەگیرا. لەم سۆنگەوە لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرۆسە سەربازییەکان، لە (٢١ی ئەیلولی١٩٦١) ڕۆژنامەکە بابەتێکی بەناونیشانی (هێزە کوردییەکان دەست بەسەر بەنداوەکەدا دەگرن) بڵاوکردەوە و وێنای بارودۆخی سەربازی لە ناوچەکە کرد و ئاماژەیدا بەوەی :" شۆڕشی کورد هەموو ناوچەکانی باکووری عێراقی گرتۆتەوە"، بەم جۆرە ڕۆژنامەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکە، کاریگەریی بەهێزی شۆڕشگێرانی کوردی دەرخست( Le Monde, 21 septembre 1961).

لەلایەکی دیکە، سەرباری بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی لەبەرەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان دەگەیشتنە پاریس، ڕۆژنامەی (لۆمۆند)، گرنگی بە هەوڵی نیشتمانپەروەرانی کوردیش داوە، کە لەنێوەندەکانی خاوەن بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتی ئەنجامیان ئەدا. بۆ نمونە لە (٢٥ی ئەیلولی١٩٦١) هەواڵێکی بەناونیشانی (ناسیۆنالیستە کوردەکان بانگەواز بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن) بڵاوکردەوە. تێیدا باسی لەوە کرد، میر کامەران بەدرخان(١٨٩٥-١٩٧٨) بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، بانگەوازی بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی حکومەتەکانی جیهان کردووە ، لە خەباتیدا دژی زوڵم و زۆرداری حکومەتی عێراق، یارمەتی گەلی کورد بدەن( Le Monde, 25 septembre 1961 ).

ڕۆژنامەکە، لە چوارچێوەی ئەم بابەتانەی لەسەر پرسی کورد لەم ناوچەیە بڵاویکردۆتەوە، هەوڵیداوە لەبەشێکی هەواڵەکانی، وێنایەکی سیاسیەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا بەرامبەر گەلی کورد بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی. بەتایبەتی ئەو سیاسەتەی کە ئامانجی خاپورکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە، لەم ناوچانەی هێزە کوردییەکان تێیدا باڵا دەست بوون (برزنجي، 2007، ص167). لەم بارەوە لە(٤ی ئایاری ١٩٦٢) بابەتێکی بەناونیشانی (شەڕی خوێناوی لەنێوان سوپا و بەرگریکارانی کورد) بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژە بە چەند شەڕێکی سەختکرد، کە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقی لە ڕۆژەکانی (٨، ١٦، ٢٣ی نیسانی١٩٦١) لە شار و شارۆچکەکانی وەک (ئامێدی و زاخۆ و کۆیە و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی ) ڕوویاندا، تیایدا (٣) کەتیبەی سوپای عێراقی تێکشکێنران. بەپێی زانیاری ڕۆژنامەکە، حکومەتی عێراق لە تۆڵەی ئەم شکستە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزە ئاسمانییەکانی، دەستیکرد بە بۆردومانکردنی گوندە کوردییەکان(Le Monde, 28 septembre 1961). بەم جۆرە کاتێک سەرنج لە ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ئەدەین، بۆمان دەردەکەوێ سیاسەتی ڕۆژنامەکە، هەوڵدان بووە بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان، بەبێ بوونی هیچ جۆرە لایەنگیرییەک بۆ هەردوو بەرەی ناکۆک.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین، یەکێک لە لایەنە ئەرێنییەکانی هەواڵ و بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لەسەر پرسی کورد بڵاویکردۆتەوە، پاراستنی مکۆمی هەواڵەکانی بووە. ئەمەش لە بابەتێکی ڕۆژنامەکە، کە لە(٢٠ی ئابی١٩٦٢) بڵاوکراوەتەوە، بەناونیشانی( سەرکەوتنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) زەقتر بەدیاردەکەوێ. لەم هەواڵەدا ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەنووسێت:" بەر لە چەند هەفتەیەک جەنەراڵ قاسم شانازی دەکرد بەسەرکەوتن بەسەر هەڵگەراوە کوردەکان، تەنانەت ئێستگەی بەغدا هەواڵی کوژرانی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کوردی بڵاوکردەوە، بەڵام ڕاپۆرتەکانی لەم ناوچانە دەگەن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ناسیۆنالیستە کوردەکان قۆناغ بە قۆناغ ڕووبەری زیاتری زەوی دەکەوێتە ژێر دەستیان"(Le Monde, 20 août 1962). ئەم هەواڵە هەموو پروپاگەندەکانی حکومەتی عێراقی ڕەتکردەوە، کە باسیان لە زاڵبوون و سەرکەوتن دەکرد بەسەر شۆڕشگێرانی کورد.

بەو هۆیەوە نارەحەتی و نەهامەتییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، لە دەرئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتێکی توندوتیژ لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا، بەئامانجی سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کورد، تەوەرە سەرەکییەکانی زۆربەی ئەو باسانەی پێکهێناوە، کە ڕۆژنامەکە لە سەردەمی حوکمرانی قاسم بڵاویکردۆتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا لە بابەتێکدا بەناونیشانی(دوو هەزار کەس بەهۆی تەقینەوەکانی جەنەڕاڵ قاسم لەنێوبردراون). ڕۆژنامەکە تیشک دەخاتە سەر کوژرانی دوو هەزار پیاو و ئافرەت و منداڵی کورد، بەهۆی ئەو بۆردومانەی، فرۆکەکانی عێراق لەماوەی (١٢) مانگی شەڕ لەبەرامبەر بە کوردەکان ئەنجامیان داوە. سەرباری سەپاندنی ئابلوقەیەکی توندی ئابووری لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا، بەسەر هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی جەنگاوەرە کوردەکان دابوو(Le Monde, 17 septembre 1962). ڕۆژنامەکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە، هەوڵیداوە دوو ئامانج بپێکێ، یەکەمیان فشار دروستکردن لەسەر حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاگرتنی پرۆسە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان، کە بیوونە هۆی کۆمەڵکوژیکردنی خەڵکی سڤیلی کورد. لەلایەکی دیکە ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو، بەدۆخی مەترسیداری خەڵکی ئەم ناوچانە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی یارمەتی و کۆمەکی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕ، لە زێدی خۆیان دوورکەوتنەوە و ئاوارەی ناوچە شاخاوییەکان بوون.

حکومەتی عێراقی هەموو جۆرە سیاسەتێکی بۆ زاڵبوون بەسەر شۆڕشی کورد پیادە کرد و ئامرازی جۆراوجۆری بۆ پێکاندنی ئەم ئامانجە بەکار هێنا، لەم نمونەش هەندێ کات بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی لەبەرەکانی شەڕ بەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگە، پروپاگەندەی کوژرانی مەلا مستەفا بارزانی لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسە سەربازییەکان بڵاودەکردەوە، بەڵام ڕۆژنامەی (لۆمۆند) وەکو هەر دەزگایەکی دیکەی ڕۆژنامەوانی جیهانی، هەوڵیداوە ڕاستی و دروستی ئەم هەواڵانە ساخبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵیداوە سوود لە نوێنەرەکانی شۆڕشی کورد لە ئەوروپا یان کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەربگرێ. بۆ نمونەش لە دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی پروپاگەندەی کوژرانی مەلا مستەفا بارزانی لە ئەیلولی ١٩٦١ بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەکە بە هەواڵێک بەناونیشانی (جەنەراڵ بارزانی لە ژیاندایە و تەندروستی باشە، وەک وتەبێژ بەناوی بزاڤی نەتەوەیی کورد ڕایگەیاند)، ئەم پروپاگەندانەی ڕەتکردەوە و دڵنیاییدا:" ئەو هەواڵانەی لە بەغدا و ئەنقەرە دەگەن و ئاماژە بە کوژرانی جەنەراڵ بارزانی دەکەن، ساختەن و دروست نین"(Le Monde, 04 janvier 1963).

دواجار لە کۆتا ڕۆژەکانی حوکمڕانی قاسمر، ڕۆژنامەی(لۆمۆند) بابەتێکی دیکەی لە(١٢ی کانونی دووەمی ١٩٦٣ لەسەر پرسی کورد لە عێراقدا بڵاوکردەوە، بەناونیشانی( جەنەراڵ قاسم دەرفەتی(١٠) ڕۆژ دەداتە هەڵگەڕاوە کوردەکان بۆ ئەوەی چەکەکانیان فڕێ بدەن)، لە گەیاندنی ئەم هەواڵەدا، ڕۆژنامەکە بەسوود وەرگرتن لە زانیاری ئاژانسی هەواڵی (فرانس پرێس)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات قاسم لە وتەیەکدا لەبەردەم کۆنگرەی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران لە ڕۆژی پێنج شەممە(١٠ی کانونی دووەمی ١٩٦٣) پێشکەشی کرد، بۆ ماوەی(١٠) ڕۆژ دەرفەتی بە هەڵگەڕاوە کوردەکان داوە چەکەکانیان فڕێ بدەن، بەپێچەوانەوە، ئەو کارە ئەنجام نەدەن، لەناویان دەبات(Le Monde, 12 janvier 1963)، بەڵام قاسم دەرفەتی لەناوبردنی شۆڕشی کوردی بۆ نەمایەوە، دوای ئەوەی لەئەنجامی سەرکەوتنی کودەتایەکی سەربازی کە لەلایەن بەعسییەکان و ناسرییەکان لە (٨ی شوباتی١٩٦٣) لەشاری بەغدا لەدژی ڕژێمەکەی ئەنجامدرا، خۆی لەناوچوو(البياتي، 1996، ص64).

### ٤. دۆزی کورد لەسەردەمی حوکمرانی هەردوو عارفی برا (١٩٦٣-١٩٦٨)

پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتدارانی بەغدا لەسەردەمی نوێی عێراق، کە حوکمڕانە ناسیۆنالیستە توندرەوە عەرەبییەکانی پێشەوایەتییان دەکرد و تیایدا هەموو داواکارییەکی سەرکردایەتی کوردییان بەهەوڵدان بۆ جیابوونەوە لێکدەدایەوە، وەک خۆی لە دۆخی شەڕ و ئاشتیدا مایەوە، بەبێ بوونی هیچ چارەسەرێک بۆ دۆزی کورد، کە لەخوارەوە لە چواچێوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی(لۆمۆند) لەم ماوە مێژووییەدا، دەیخەینەڕوو.

#### ٤.١. سەردەمی عەبدولسەلام عارف(٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٣ی نیسانی ١٩٦٦)

گۆڕانی ڕژێمی سیاسی لەعێراق، گۆڕانی لەهەڵوێستی سیاسی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر حوکمڕانە نوێیەکانی بەغدا دروستکرد، وەک ڕۆژنامەی (لۆمۆند) لەدەستپێکی گواستنەوەی هەواڵەکانی پەیوەندیداربوون بەم دۆخە نوێیەی عێراق لە بابەتێکدا لە (٩ی شوباتی١٩٦٣) بەناونیشانی (کوردەکان لە پشت شۆڕش کۆدەبنەوە)، بڵاویکردۆتەوە:" لە ڕاگەیەنراوێکی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژی هەینی(٨ی شوباتی ١٩٦٣) لە ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕش دەرچووە، ئەنجومەنەکە ئومێد دەکات بە کۆتاییهاتی هەڵگەڕانەوەی پیرۆزی کورد. بەو هۆیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بەفەرمی پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی عێراق ڕاگەیاند"( Le Monde, 11 février 1963). ئەم هەڵوێستە سیاسییەش، دوای ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراقی هات.

##### ٤.١.١. ڕاگەیاندنی ئاگربەست و دانوستاندن

پشتیوانی سەرکردایەتی کورد لە کودەتای (٨ی شوباتی ١٩٦٣)ی عێراق، دەرگای گفتوگۆ و دانوستانی بەڕووی هەردوولا کردەوە، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ دۆزی کورد. لەم سۆنگەوە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی ، بایەخ و گرنگی زۆری بەو هەوڵانەداوە، کە لەدوو توێی چەند هەواڵ و بابەتێکی ڕۆژنامەوانی خستیەڕوو. لە دەستپێکی ئەم هەواڵانەشیدا، لە(١٣ی شوباتی١٩٦٣) پەیامنێری ڕۆژنامەکە (ئیدواردساب) لە دیمەشقی پایتەختی سوریا ڕایگەیاند: "سەرۆک عارف پێشوازی لە جەنەراڵ بارزانی دەکات بۆ گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ کێشەی کورد". لەم هەواڵەدا پەیامنێرەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:" ئەمڕۆ دووشەممە[مەبەستی١١ی شوباتی١٩٦٣]یە، ڕاگەیەنراوە کە ڕەنگە بەو نزیکانە جەنەراڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی کوردە هەڵگەڕاوەکان سەردانی بەغدا بکات و لەلایەن عەبدولسەلام عارف(١٩٦٣-١٩٦٦) سەرۆک کۆمارەوە پێشوازی لێدەکرێت"( SAAB, 13 février 1963)، بەڵام ئەم هەواڵە دروست نەبوو، لەبەرئەوەی بارزانی هیچ پلانێکی نەبوو بۆ سەردانیکردنی بەغدا، جگە لەو ڕێکارانەی سەرکردایەتی کورد گرتیەبەر بۆ ڕەوانەکردنی شاندێک بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی(١٩٣٣-٢٠١٧) بۆ پایتەختی عێراق، بەئامانجی دانوستاندنی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا. ئەم زانیارییانەش لە هەواڵێکی دیکەی ڕۆژنامەکە بەناونیشانی (گەیشتنی

شاندی هەڵگەڕاوە کوردەکان بۆ بەغدا)، لە (٢٢ی شوباتی ١٩٦٣) بڵاوکراوەتەوە. تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ڕۆژی چوارشەممەی(٢٠ی شوباتی١٩٦٣) شاندی هەڵگەڕاوە کوردەکان گەشتنە شاری بەغدا، بەئامانجی گێرانەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراق، جەلال تاڵەبانی سەرۆکایەتی دەکات، و ساڵح عەبدوڵڵا یوسفی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵیدایە"(Le Monde, 22 février 1963 ). شیاوی باسە لەو کاتەدا حکومەتی نوێی عێراق، ئامادەسازی دەکرد بۆ چوونە ناو پرۆژەیەکی نەتەوەیی، کە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر(١٩١٨-١٩٧٠)، ڕێبەرایەتی دەکرد، بۆ یەکگرتنی هەرسێ وڵاتی عەرەبی (عێراق و سوریا و میسر)، بەو هۆیەوە دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا، پێشنیازیان بۆ شاندەکەی سەرکردایەتی کورد کرد، لەگەڵیاندا سەردانی قاهیرە بکەن، لەپێناو خستنەڕووی داواکارییەکانیان لەبەردەم سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو جەمال عەبدوڵناسر، تاڵەبانی ئامادەیی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەم گەشتە دەربڕی و لە ڕۆژی (٢٢ی شوبات) بەیاوەری شاندێکی میللی حکومەتی عێراقی سەردانی میسری کرد و داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە عێراق خستەبەردەم ناسر ( ڕەشید،٢٠١٧، ص٢٢٧). دواتر لە(٢٨ی شوباتی١٩٦٣) ڕۆژنامەکە لەچوارچێوەی هەواڵێکی دیکەیدا بەناونیشانی(دەستپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان حکومەت و کوردەکان)، باسی لەوە کرد کە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە[٢٥ شوباتی ١٩٦٣] جەلال تاڵەبانی سەرۆکی شاندی کوردی ڕاسپێردراوە بە ئەنجامدانی دانوستاندن سەبارەت بە داخوازییەکانی کورد لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراق، دوای گەشتێکی خێرا بۆ قاهیرە و جەزائیری پایتەخت گەڕایەوە بەغدا. بەم شێوەیە دانوستانەکان لەنێوان شاندی کوردی و نوێنەرانی حکومەتی عێراق لە ڕۆژی سێشەممە[٢٦ی شوباتی١٩٦٣] دەستیان پێکردەوە. بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی دانوستانەکان لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، سکرتێری (لێژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد) عیسمەت شەریف وانلی(١٩٢٤-٢٠١١) لە شاری(لۆزان) لە سویسرا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرد و یاداشتێکی بە دەزگا ڕۆژنامەوانییە جیهانییەکاندا و تێیدا گوزارشتی کرد لە هەستی ملیۆنان کورد و ڕایگەیاند:" لێژنەکەیان هەر چارەسەرێک لەگەڵ حکومەت لە بەغدا ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر دان بە داواکارییەکانیان نەنێن لەمانەش:

١- ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراق.

٢-ئامادەکردنی سوپای شۆڕشگێری کورد، وەک هێزێکی نوێ بۆ پاراستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و کشانەوەی هێزە عێراقییەکان لە کوردستان.

٣-دابەشکردنی داهاتی نەوت.

زیاتر لەمە، هەر ئەو ژێدەرە باسی لەوە کرد، ئەگەر حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی فەرمی دان بەو داواکارییانە نەنێ لەماوەی (٢) هەفتە، لێژنەکە داوا لە جەنەراڵ بارزانی دەکات، حکومەتێکی کوردی پێکبهێنێ و فەرمان دەربکات بۆ سوپای شۆڕشگێری کوردستان، بەدەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری تا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو بۆ کوردستانی عێراق( Le Monde, 28 février 1963).

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی لۆمۆند، وەک لە هەواڵێکی بەناونیشانی (گفتوگۆی عەرەبی کوردی گەیشتە ڕێگایەکی داخراو)، لە (٢٣ی ئاداری١٩٦٣) بە پشت بەستن بەزانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی (فرانس پرێس) لە لەندەن گواستویانەتەوە، گفتوگۆیەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراقی گەیشتنە بنبەست(Le Monde, 23 mars 1963). هاوکات بەپێی هەواڵێکی دیکەی، کە لەڕۆژی (١٦ی نیسانی ١٩٦٣) بەناونیشانی( بەغدا ئامادەسازی دەکات بۆ هێرشکردن)، کۆتایی هاتنی دانوستانەکانی شوباتی ١٩٦٣ بە بێ دەرئەنجام ڕاگەیاند(Le Monde, 16 avril 1963). بەو هۆیەوە بارودۆخی باشووری کوردستان، لەئەنجامی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی کورد، جارێکی دیکە بەرە هەڵگیرسانەوەی شەڕ چوو.

### ٤.١.٢ . لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕشگێرانی کورد و سوپای عێراق

هێزە عێراقییەکان لە (١٠ی حوزەیرانی١٩٦٣) فەرمانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقیان، ڕاستەوخۆ جێبەجێکرد و شەڕ لەنێوان شۆڕشگێرانی کورد و حکومەتی عێراقی دەستپێکردەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی دۆخی نوێی سەربازی لەعێراق، ڕۆژنامەی(لۆمۆند) هەوڵیدا بێ لایەنی خۆی بپارێزێ. بۆیە لە زۆربەی ئەو کاتانەی سوودی لە ڕاگەیەنراوەکانی ئێستگەی بەغدا وەرگرتووە، هاتووە لێکۆڵینەوەی لەسەر وردکارییەکانی ئەم هەواڵانە کردووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری لەکاری پیشەیی خۆی کردوە. لەنمونەی ئەم هەواڵانەش، بابەتێک بوو لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان جەنگاوەرانی کورد و حکومەتی عێراقی، بەناونیشانی(هێزە ڕێکخراوەکانی حکومەت، زیانی گەورەیان بەهەڵگەڕاوە کوردەکان گەیاندووە)، لە(١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣) بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ ئەوە کرد، ئێستگەی بەغدا لە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە[١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣] دەستپێکردنی پرۆسە سەربازییەکانی دژی هەڵگەڕاوە کوردەکان ڕاگەیاند و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، چەند

ناوچەیەک لە باکوور بەتەواوەتی پاککراونەتەوە و زیانی زۆریش بەهەڵگراوەکان گەیشتووە لە ناوچەکانی (کەرکوک و هەولێر و ڕەواندز) ( Le Monde, 13 juin 1963). لە بەرامبەردا ڕۆژنامەکە هەر لەهەمان ڕۆژ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی جەلال تاڵەبانی، لە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە[١١ی حوزەیرانی١٩٦٣] لە پاریس ئەنجامیدا بوو بڵاوکردەوە. وەک لەهەواڵەکەدا هاتووە، تاڵەبانی لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییە ڕایگەیاند،:" دەستپێکردنەوەی پرۆسە سەربازییەکان لەلایەن حکومەتی عێراقی دژی کورد، هەوڵێکی بێ ئەنجامە و شکست دەهێنێت، هاوشێوەی سەرکێشییەکەی قاسم لە پێشتر ئەنجامیدا"(Le Monde, 13 juin 1963 ). بەم جۆرە ڕۆژنامەکە هاوسەنگی دروستکرد، لەپێناو گواستنەوەی وێنایەکی ڕاستەقینەی بارودۆخەکە.

لە درێژەی گواستنەوەی هەواڵەکانی شەڕ لەدوای دەستپێکردنەوەی پرۆسە سەربازییەکانی سوپای عێراقی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان. ڕۆژنامەکە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووس( ئێدوارد ساب)ی لە (١٨ی حوزەیرانی١٩٦٣) بە ناونیشانی (حکومەتی عێراق مکوڕە لەسەر بەردەوامیدان بەشەڕ لەدژی کورد) بڵاوکردۆتەوە. لەم ڕاپۆرتەدا (ساب)، باسی لەوە کردووە حکومەتی بەعس هێرشێکی بەرفراوانی لەدژی شۆڕشگێرانی کوردی لایەنگیری مەلا مستەفا بارزانی دەستپێکردووە( SAAB, 18 juin 1963). لەم هەواڵەدا ڕۆژنامەکە بۆیەکەمجار بوو لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان، دەستەواژەی (شۆڕشگێر) بۆ جەنگاوەرانی کورد بەکاربهێنێت. ئەمەش وەچەرخانێکی گرنگ بوو لەهەڵوێستی ڕۆژنامەکە، بۆ ناساندنی پرسی کورد لە عێراق، وەک پرسێکی ڕەوای دادپەروەرانە، هەرچەندە تا کۆتایی لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام نەبوو، سەرباری بەردەوام بوونی لە نیشاندانی هەڵوێستی پشتیوانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی بەرەی کۆمۆنیستی لە دۆزی کورد، بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە و دوورکەوتنەوەی سوپای عێراق، لەبەکارهێنانی ڕێکاری توند و تیژ، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم جوڵانەوە کوردییە، لەشوێنی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. لەم سۆنگەوە ڕۆژنامەکە، لە ڕۆژی(١٨ی حوزەیرانی١٩٦٣) بابەتێکی بەناونیشانی( یەکێتی سۆڤیەت سەرکۆنەی ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراقی دژی کورد دەکات) بڵاوکردەوە. ئەمەش لەپێناو ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو، بە ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا بەرامبەر گەلی کورد لە عێراقدا(Le Monde, 18 juin 1963).

ئەم ناڕەزاییانەی هەبوون بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی، ئەوەی دوایی ناچارکرد بۆ یەکەمجار دانبنێ بە هەبوونی بەرگرییەکی بەهێز لەلایەن جەنگاوەرانی کورد لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی، بەو هۆیەوە ڕۆژنامەی(لۆمۆند) ئەم وەچەرخانە سیاسی و سەربازییەی حکومەتی عێراقی، وەک گەشەکردنی شۆڕشی کوردی نیشانداوە، لەهەواڵێکدا لە ٢٤ی حوزەیرانی١٩٦٣، بەناونیشانی (حکومەت داندەنێ بەبوونی بەرگری لەلایەن کوردەکان) بڵاوکراوەتەوە. ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، سوپای عێراق ڕووبەڕووی بەرگرییەکی زۆر بەهێز بۆتەوە لەلایەن هەڵگەڕاوەکان، چونکە ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەری لایەنگیریان کۆکردۆتەوە لەناوچە جیاوازەکان لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی(کۆیە). لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی(کۆماندۆز)ی کوردی، کە بەیەکە (فیداکارەکان) ناسراون، توانیان چەند هێرشێک لەدژی کۆگا سەربازییەکان لە (کەرکوک) و (جەلەولا) تا باشووری بەغدا لەنێو سەربازگەی (ڕەشید) ئەنجام بدەن(Le Monde, 24 juin 1963).

لەم هەواڵەدا ڕۆژنامەی (لۆمۆند) تیایدا پشتی بە زانیاری دەزگاکانی حکومەتی عێراق بەستووە، زانیاری ساختە هەیە، لەبەرئەوەی هیچ کات بەدرێژایی ماوەی شۆڕشی کورد، جەنگاوەرانی کورد گورزی سەربازییان لە سەربازگەی (ڕەشید) لە بەغدا نەوەشاندووە، چونکە لە توانای هێزی پێشمەرگەدا نەبووە، ئامانجە سەربازییەکانی لە پایتەختی عێراق بپێکن. بەڵام کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراقی، بۆ ناشرینکردنی جموجۆڵی پارتیزانی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم پروپاگەندانەی بڵاوکردۆتەوە، لەپێناو کەمکردنەوەی هاوسۆزی نێودەوڵەتی بەرامبەر گەلی کورد و شۆڕشەکەی. بەڵام ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراقی پیادەی دەکرد، وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی لەلایەن ڕۆژنامەی(لۆمۆند) هەبوو، دوای ئەوەی بەردەوام بوو، لەسەر نیشاندانی نمونەی هاوسۆزی نێودەوڵەتی لەگەڵ شۆڕشگێرانی کورد، کەدواتر باسی دەکەین.

عەبدولسەلام عارف بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی خۆی، نەیتوانی دۆزی کورد بە ڕێکاری سەربازی چارەسەر بکات ، تا ئەم ڕۆژەی لە (١٣ی نیسانی ١٩٦٦) لەکاتی گەشتێکیدا بە فڕۆکەیەکی سەربازی لەنێوان ناوچەکانی قورنە و بەسرە کەوتەخوارەوە و گیانی لەدەستدا(الزهيري، 2012، ص20). بەم جۆرەش، ڕۆژنامەی (لۆمۆند)، لە چەند ژمارەیەکیدا وردکاری سەردەمێکی نوێی لەپەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراقی دەخاتەڕوو.

### ٤.٢. ماوەی حوکمی عەبدولڕەحمان عارف لە (١٦ی نیسانی ١٩٦٦- ١٧ تەمموزی ١٩٦٨)

مردنی عەبدولسەلام عارف، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە عێراقدا، دوای دامەزراندنی برایەکەی کە عەبدولڕەحمان عارف(١٩١٦-٢٠٠٧) بوو لە (١٦ی نیسانی ١٩٦٦) بەسەرۆکی عێراق(الزهيري، 2012، ص٣٦). ئەو کاتەی سەرۆکی نوێ دەستبەرکاربوو، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی(لۆمۆند)ی فەرەنسی، لەیەکەم دیداری لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەغدا ڕایگەیاند:" پێویستە کێشەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارەسەربکرێ". لەدرێژەی باسەکەیدا، عارف گوتی:" کوردەکان برامانن، هەموویان باوەڕیان بەیەکێتی وڵات هەیە، تەنها مستەفا بارزانی نەبێت، کە کەسێکی جوداخوازە"(Le Monde, 20 avril 1966 ). پاشان دوای دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی (٢٥ی نیسانی١٩٦٦) بەسەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان بەزاز(١٩١٣-١٩٧٣)، ئەوەی دوایی لەپەیامێکیدا لە ئێستگە و تەلەفزیۆنی بەغدا ڕایگەیاند:" هەموو کوردەکان برامانن و بەشداری کارای نیشتمانیان هەیە و مافی خۆیانە پارێزگاری لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان و کولتوور و زمانەکەیان بکەن"( Le Monde, 26 avril 1966، بەڵام ئەم هەڵوێستە ئەرێنییەی دەسەڵاتدارانی بەغدا وەک خۆی نەمایەوە، بەڵکو هەر دوای چەند ڕۆژێکی کەم، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی(لۆمۆند)، سەرۆکی نوێی عێراق(عەبدولڕەحمان عارف) لە دیدارێکی لەڕۆژی چوارشەممەی(٢٧ی نیسانی ١٩٦٦) لەگەڵ ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ڕایگەیاند:" هەرگیز ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان نادەن"( Le Monde, 29 avril 1966 ). ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی نوێی عێراق، جارێکی دیکە دۆخەکەی بەئاڕاستەی هەڵگیرسانەوەی شەڕ برد و بەو هۆیەوە وەک ڕۆژنامەی(لۆمۆند) بەسوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی(فرانس پرێس) لە(١٤ی ئایاری ١٩٦٦) بڵاویکردۆتەوە، هێزە عێراقییەکان کە لەدوو تیپی سەربازی و پێکهاتوون، بەبەشداری(٣٠) هەزار سەرباز، بەپاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکان، لە (٤ی ئایاری ١٩٦٦) هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی (ڕەواندز- باڵەک). بەم شێوەیە جارێکی دیکە باشووری کوردستان ڕووبەڕووی پەلاماری سوپای عێراق بویەوە(Le Monde, 14 mai 1966).

شیاوی باسە حکومەتی عێراق، وەک هەر جارێکی دیکە نەیتوانی بەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەو هۆیەوە سەرۆک وەزیرانی عێراق (عەبدولڕەحمان بەزاز) لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە(٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦) لە وتارێکیدا لە ئێستگە و تەلەفزیۆنی بەغدا، پلانێکی(١٢) خاڵی بۆ چارەسەکردنی دۆزی کورد ڕاگەیاند و گوتی:"حکومەتەکەی ئامادەیە دانبنێ بە مافە نەتەوەییەکانی کورد و داوای لێکردن چەکەکانیان فڕێ بدەن". لەم پلانەدا وەک لە ڕۆژنامەی(لۆمۆند) هاتووە، حکومەتی عێراق بەفەرمی داندەنێ بە نەتەوەی کورد و ئامادەیی نیشاندا ئەمە لەیاسای بەڕێوەبردنی هەرێمەکان لەبەرچاوبگرێ بۆ بەدیهێنانی خودموختاری، هەروەها دان دەنێ بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەو پارێزگایانەی زۆرینەی کوردن و سەرباری ڕازیبوونی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان لەچوارچێوەی وادەی یاسایی خۆی کە دەستووری کاتی بۆی دیاریکردووە و ڕێگەدان بە کوردەکان هەموو پۆستێک لەدەوڵەت وەربگرن بەشێوەیەک گونجاوبێ لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانەکانیان و قبوڵکردنی کورد لە دەستەی ئەرکانی گشتی و خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا و پارێزگا کوردییەکان. ئەوە جگە لەوەی پێشنیازی کرد بۆ ئەوەی کوردەکان ڕۆژنامەگەری تایبەت بەخۆیان هەبێ. هەر کاتێکیش لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بگەنە ڕێککەوتن، ڕاستەوخۆ لێبوردنی گشتی ڕابگەیەنێ و وەزارەتێکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دابمەزرێنێ و قەرەبووکردنەوەی بێ باوک و بێوەژنەکان بکاتەوە. بەو هۆیەوە وەک لە زانیارییەکانی ڕۆژنامەی(لۆمۆند) هاتووە، جەنەراڵ بارزانی ڕێبەری هەڵگەڕاوە کوردەکان، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، لە بروسکەیەکدا بۆ حکومەتی عێراق، پێشنیازەکانی سەرۆک وەزیرانی پەسەند کرد و ڕایگەیاند:" پێشنیازەکانی سەرۆک وەزیران، گوزارشتی ڕاستەقینەیە لە ئامانجەکانی گەلی کورد و عەرەب بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئەوان پشتیوانی ڕاستگۆیانە لە ڕاگەیەنراوەکەی حکومەت دەکەن"(Le Monde, 01 juillet 1966 ).

بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی (ڕۆیتەرز)، سەرۆک کۆماری عێراق، لەدوای ئەم دەستپێشخەرییەی حکومەتی بەزاز، بەئامانجی گەیشتن بەڕێگە چارەسەرێکی ئاشتییانە لەگەڵ سەرکردایەی کورد، لەڕۆژی هەینی(٢٨ی تشرینی یەکەم١٩٦٦) لە ڕەواندز، سەردانی ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی کرد(Le Monde, 31 octobre 1966). لەم دیدارەدا هەر بەپێی هەواڵێکی دیکە ئەم ڕۆژنامەیە و بەپشت بەستن بەزانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی(ڕۆیتەرز)، وەک عارف لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە(١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦) ڕایگەیاند:" یەکێتی عەرەبی عێراق پێیەوە پابەندە و لەم نزیکانە بەپشتیوانی خوا دەبێتە ڕاستی، بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان زیان بە بەرژەوەندییەکانی کورد ناگەیەنێ"( Le Monde, 02 novembre 1966 ). بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی کورد گەڕایەوە دۆخێکی ئاسایی و تەنانەت بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی(فرانس پرێس) وەک لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)دا هاتووە، ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی لە(١٤ی تەمموزی ١٩٦٧)  لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی(التاخي) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی کوردی بۆ گەلی عەرەبی ڕاگەیاند لە ململانێیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل( Le Monde,

(15 juillet 1967)، بەڵام ئەم هەڵوێستە برایانەی مستەفا بارزانی، هیچی لەبیری ناسیۆنالیستی توندڕەوی عەرەبی حوکمرانی عێراق نەگۆڕی، بۆیە جارێکی دیکە دۆخی پەیوەندییەکانی هەردوولا بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی نا و حکومەتی عێراقی دەستیکردەوە بە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتوو لە فەرەنسا. بەو هۆیەوە مەلا مستەفا بارزانی لە (شوباتی١٩٦٨) بانگەوازی بۆ (دیگۆل)ی سەرۆکی فەرەنسا کرد و داوای لێکرد هاوکاری و پشتیوانی گەلی کورد بکات، کە بەهۆی بایەخی نامەکە، ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی بەشێکی لەیەکێک لە ژمارەکانیدا بڵاوکردەوە، تیایدا هاتووە:" تکایە ڕێگە بدەن بە پیرەمێردێک کە لە گەنجیەوە خەباتی بۆ ئازادی و کەرامەتی گەلەکەی کردووە، بەم بانگەوازە بەرزە قسەتان لەگەڵ بکات. ئێوە گەورەترین خەباتکاری بەرخودانن لە ئەوروپا و زێدی خۆتان ڕزگار کردووە، بۆیە ناکرێ هاوسۆزی ئەو بەرخۆدانە نەبن کە نزیکە بێ ئومێدبێ، لە کاتێکدا جەنگاوەرانی کورد شەش ساڵە لە باکووری عێراق خەباتی بۆ دەکەن... تۆ درێخیت نەکرد لە سەرکۆنەکردنی شەڕی ڤێتنام: دڵنیام چارەنووسی گەلی کورد لای تۆ کەمتر نییە لە چارەنووسی گەلی ڤێتنامی ئازیز... لەم شەڕەدا بۆ مانەوەی نەتەوەییمان، ئێمە تەنیاین، نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگوێمان دەخات، هەندێک زلهێزیش کێبرکێ دەکەن بۆ دابینکردنی چەکی مۆدێرن بۆ عێراق، کە بۆ لەناوبردنی ئێمە داهێنراون. بۆیە فەرەنسای دیگۆل، تاکە هیوای ئێمە دەمێنێتەوە... عێراقییەکان داوای چەک لە فەرەنسا دەکەن، بەبێ یەکلاییکردنەوەی پێشوەختەی کێشەی کوردستانی عێراق، ئەو چەکانە، یارمەتیدەر دەبێ بۆ لەناوبردنی زیاتر و بە کۆمەڵ کوشتنی ژنان و منداڵان"(Le Monde, 08 février 1968 ).

دیارە بانگەوازەکانی مەلا مستەفای بارزانی و سەرکردایەتی کورد لەنێوەندە نێودەوڵەتییەکان بێ وەڵام مانەوە تا ڕووخانی ڕژێمی عەبدولرەحمان عارف لە عێراق، دوای ئەوەی جارێکی دیکە بەعسییەکان لە (١٧- ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨) گەڕانەوەی سەر دەسەڵات لە بەغدا و لەدەستپێکی حکومڕانیان لە عێراقدا، دەستیان کردەوە بە فریودانی ڕای گشتی نێودەوڵەتی بە بەڵێن و بڕیارە بێ بنەما و ناوەرۆکەکانیان بەرامبەر بەکورد، بە جۆرێک هەر لەسەرەتای ئەو هەنگاوە سیاسییانەیان وەک لە (٦ی ئابی ١٩٦٨) لە ڕۆژنامەی(لۆمۆند) هاتووە، بەناونیشانی ( ڕژێمی نوێ بەلێن ئەدات بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەسەر بنەمای پرۆژەی چارەسەری ٢٩ی حوزەیرانی١٩٦٦)(Le Monde, 06 août 1968). جارێکی دیکە کەوتنەوە هەوڵدان بۆ پێچاوپێچکردنی سیاسی بەرامبەر گەلی کورد و سەرکردایەتیە سیاسییەکەی، بەو هۆیەوە پرسی کورد لە عێراقدا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە و گەلی کوردیش لە چاوەڕوانی داهاتوویەکی نادیاری بەدەم بێ دەنگی دونیای دروشمبازی بێ هەڵوێست، بەردەوامی بە خەباتی سیاسی و چەکداریدا، لەبەرامبەر ئەم ڕژێمەی بە ڕێکار و لەئەنجامی کودەتایەکی سەربازی لە بەغدا دەسەڵاتیان گرتەدەست.

## ٥. هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر پرسی کورد

هەڵوێستی نێودەولەتی لە پرسی کورد، یەکێک بووە لە بابەتە دیار و گرنگەکانی نێو ڕۆژنامەکە، ئەمەش وەک زانراوە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بووە بە هۆکاری ئەو ڕەوش و ئاڵۆزییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق لە حوزەیرانی ١٩٦٣، هەبووە، هەرئەمەش وایکردووە ڕۆژنامەکە لەم بارەوە، ئاماژە بە هەبوونی جۆرێک لەهاوسۆزی بکات لەلایەن هەردوو وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت و میسر بۆ پرسی کورد. لە دەستپێکی ئەم گۆڕانەش لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر داخوازییەکانی هەبوون بۆ دەستبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا. ڕۆژنامەی (لۆمۆند) پشتگیری سیاسی ڕۆژنامەی (براڤدا)ی سوڤیەتی وەک نمونەیەک نیشاندا، لە بابەتێکدا بەناونیشانی ( براڤدا پاڵپشتی خۆی بۆ داواکارییەکانی کورد نیشان ئەدا)، تیایدا هاتووە:" بۆ یەکەمجارە لەسەرەتای هەڵگیرسانی هەڵگەڕانەوەی کورد لە عێراقدا، ڕۆژنامەی براڤدا ڕۆژنامەیەکی حزبی شیوعی سۆڤێتییە، ڕۆژی دووشەممە(٦ی ئایاری١٩٦٣) بە شێوەیەکی ڕوون لە بەرژەوەندی داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بابەتێک بەناونیشانی(گەلی کورد خەبات دەکات لە پێناو مافە ڕەواکانی) دەخاتەڕوو. ڕۆژنامەکە لەم بابەتەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، شۆڕشە کوردییەکان ئامانجێکی هاوبەشیان هەبووە، کە خۆی دەبینێتەوە لەسەربەخۆیی لەژێر دەستی ئیمپریالیزم و سەرکوتکردنی نەتەوەیی"(E. R, 08 mai 1963 ). ئەمەش گوزارشتە لەیەکبوونی هەڵوێستی وڵاتانی کۆمۆنیستی لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بەهۆی بوونی یەک ئامانجی هاوبەش لەنێوان هەردوو ئاڕاستەی سیاسی نەتەوەیی کورد و کۆمۆنێستی جیهانی، ئەمیش ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم بوو بەدەست پێوەندەکانیانەوە. لەم نێوەندەشدا میسر وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ، دژی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم و پاشکۆکانی، لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، بەئامانجی بەدیهێنانی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد بە ڕێکاری ئاشتیخوازانە، دوور لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی، بۆ ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە تەیار و ئاڕاستەی سەرمایەداری جیهانی دوور بکاتەوە. لەم سۆنگەوە وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بڵاوکراوەتەوە، جارێکی دیکە سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو(جەمال عەبدولناسر) لە (٣١ی ئایاری١٩٦٣)، لە قاهیرە پێشوازی لە نوێنەرانی شۆڕشی کورد کرد، کە پێکهاتبوون لە جەلال تاڵەبانی و شەوکەت عەقراوی (Le Monde, 03 juin 1963). لە وردەکاری ئەم بابەتەدا

ڕۆژنامەکە بابەتێکی دیکەی لە(٨ی حوزەیران) بەناونیشانی( سەرۆکی شاندی کوردی دەڵێت:(لە گفتوگۆیەکانی لەگەڵ سەرۆک عەبدولناسر ڕازییە)، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:" جەلال تاڵەبانی سەرۆکی شاندی کوردی بەرپرس لەدانوستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی ململانێی (عەرەبی- کوردی) لەڕۆژی دووشەممە[ ٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣- توێژەر] ی ڕابردوو لە قاهیرە گەڕاوەتەوە، دوای ئەوەی سەرۆک (ناسر) پێشوازی لێکرد. تاڵەبانی ئەم گوتانەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی، لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ئەنجامیدا خستەڕوو. تیایدا ئاماژەی بە داواکارییە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد کرد و ڕایگەیاند، کە ئەوەی ئەوان داوای دەکەن لە چوارچێوەی یاسایی و هەرێمایەتی دەوڵەتی عێراق و یەکێتی کۆماری عەرەبی، زیاتر تێناپەڕێ، ئەگەر هاتوو پێکبهێنرێ، هاوکات تاڵەبانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ، کوردەکان جوداخوازنین. ئەوان داوای سەربەخۆیی ناکەن و دەستیان بە عێراق گرتووە. ئەوەی ئامانجیانە بەدەستهێنانی خودموختارییە لەپێناو گەشەکردن و پێشکەوتنیان"(E. S, 08 juin 1963 ).

هەوڵەکانی هەبوون لەلایەن (جەمال عەبدوڵناسر) بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ دۆزی کورد لە عێراقدا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا فەرامۆشکران، تا ئەو ڕادەیەی بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (لۆمۆند) وەک لە هەواڵی ژمارەی ڕۆژی (١١ی حوزەیرانی١٩٦٣) بەناونیشانی:( حکومەتی عێراق بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەدژی کورد دەدات) هاتووە، ئێستگەی بەغدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە[١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣] ڕایگەیاند، ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق، بڕیاری دەستبەجێ دەستپێکردنەوەی پرۆسە سەربازییەکانی دژی ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی و لایەنگرانی لەناوچەکانی باکووری عێراق دەرکرد و لەهەمان کاتیش ئێستگەی بەغدا بانگەوازی بۆ جەنەراڵ بارزانی کرد، لەماوەی (٢٤) کاتژمێر خۆی ڕادەست بکات و پشتیوانی سیستەمی دیموکراتی عێراق بکات(Le Monde, 11 juin 1963).

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە (١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣) و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی لەلایەن حکومەتی عێراقی بەرامبەر بەکورد، یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیداوە پرسی جینۆسایدکردنی کورد بباتە نێو کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو کاتە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، هەوڵەکانی سۆڤیەتی سەبارەت بەو پرسە بەووردی خستەڕوو. بەڵکو گرنگی زۆری بەم وەچەرخانە لە هەڵوێستی سۆڤییەت بەرامبەر بە پرسی کورددا و لە بابەتێکدا بەناونیشانی(دۆزی کوردی نێودەوڵەتی) کە لە ژمارەی ڕۆژی(١٠ی حوزەیرانی١٩٦٣) بڵاویکردۆتەوە، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:" لە ئێستادا یەکێک لە بەهادارترین ئامانجەکانی ناسیۆنالیستە کوردەکان بەدیهات. خەباتی چەکدارییان لەدژی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا گۆڕا بۆ پرسێکی نێودەوڵەتی، ڕەنگە هانی وڵاتانی زلهێز بدات لە سیاسەتی خۆپارێزی دەربچن و هەڵوێست وەربگرن(Le Monde, 10 juillet 1963 ).

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی(لۆمۆند)ی فەرەنسی، هەڵوێستی سیاسی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئاڕاستەیەکی توندتری بەرامبەر عێراق وەرگرت، دوای ئەوەی نوێنەرەکەی کە (نیکولای فیدورینکو)بوو، لە ئێوارەی سێشەممە(٩ی تەمموزی١٩٦٣) نامەیەکی ڕادەستی سەرۆکی ئەنجومەنەکە کرد و سەرنجیانی ڕاکیشا بۆ پرۆسەی سەرکوتکردنی کورد لەلایەن حکومەتی عێراق. بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)، نوێنەرەکەی سۆڤیەت داوای ڕێکخستن و پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە، لە ئەگەری ئەوەی حکومەتی عێراقی هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی(Le Monde, 11 juillet 1963). لەڕۆژی دواتریش نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەرکادییف)، هەوڵیدا گفتوگۆ لەبارەی لەناوبردنی خوێناوی کورد بکرێ، کە لەسەر دەستی سەربازانی عێراقی ئەنجام ئەدرا، لەلایەن ئەنجومەنی نێوبراو. ئامانجی وەک خۆی ئاماژەی پێکردوە بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێری ڕۆژنامەکە (کارلو وبراتو) لە جنێڤ، بریتی بوو لەوەی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند ڕێکارێک بگرێتەبەر بۆ دانانی سنوورێک بۆ کۆمەڵکوژی کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام ئەدرێ. بەڵام هەوڵەکانی سۆڤیەت شکستی هێنا، بەهۆی ئەوەی (١٣) وڵات ناڕازی بوونی خۆیان نیشاندا بەرامبەر بەم داواکارییە، تەنها(٢) وڵات پەسەندیان کرد و (٣) وڵاتی دیکەش، بێ لایەنیان هەڵبژارد دەنگیان نەدا، کە (ئەسیوبیا و سەنیگال و یوگوسلافیا) بوون(PRATO, 13 juillet 1963).

بەپێی ئاماژەکانی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، بەهێزبوونی شەڕ و لێکەوتە نەرێنییەکانی لەسەر گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕوویی مرۆییەوە، میر کامەران بەدرخانی نوێنەری شۆڕشی کوردی لە(نیویۆرک) هاندا، دوای گەیاندنی ڕاگەیەنراوی سەربازی بارەگای بارزانی لە ڕۆژی(١٧ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣) سەبارەت بە ڕووداوەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، لە ڕۆژی سێشەممە (١٥ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣) داوا لە نوێنەری وڵاتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، لێژنەیەک ڕەوانەی کوردستانی عێراق بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆزی کورد، لەبەرئەوەی ئەو بابەتە ئێستا وەک حکومەتی عێراق بانگەشەی بۆ دەکات، وەک پرسێکی نێوخۆیی نەماوەتەوە(Le Monde, 17 octobre 1963).

ئەو پۆزشەی بەدرخان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی لە پرسی کورد، بەڵگەی پێویستی لەسەر هەبوو، پرسەکە بۆتە بابەتێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و لەچوارچێوەی عێراق دەرچووە، بەهۆکاری دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ عێراق لە بابەتەکە. ئەو کاتە ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بە بڵاوکردنەوەی چەند ڕاستییەک لەسەر یاداشتەکەی بەدرخان، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە دەستێوەردانی هەرێمایەتی هەبوو. لەم نێوەندەشدا لە(٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣) بابەتێکی بەناونیشانی (یەکە سەربازییەکانی سوریا بەشدارن لە پرۆسە سەربازییەکان دژی کورد) بڵاوکردەوە. تیایدا هاتووە عەبدولسەلام عارف سەرۆکی عێراق لە ڕۆژی یەکشەممە(٢٠ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣) ئاشکرای کرد، هێزەکانی سوریا لە پرۆسە سەربازییەکان لەدژی کورد بەشداری دەکەن"(Le Monde, 22 octobre 1963 ). ئەمەش دانپێدادانێکی فەرمی بوو لەسەر دەرچوونی پرسەکە لە چوارچێوەی عێراق و پاساوی بە نوێنەرانی شۆڕشی کورددا، داوای یارمەتی نێودەوڵەتی بکەن، بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمنایەتی هاوبەشی عێراق و سوریا، دژی گەلی کورد . تەنانەت ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ڕۆژی(٢٩ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣) بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی( هێزەکانی سوریا بەشداربوون لە پاککردنەوەی گوندە کوردییەکان) بڵاوکردەوە و لەنێوەڕۆکی هەواڵەکەیدا ئاماژەی بە وتارێکی فەرماندەی هێزە بەشداربووەکانی سوریا فەهد شاعیر(١٩٢٥-١٩٩٤) کرد لەسەر پرۆسە سەربازییەکانیان لە عێراق دژی کورد و نووسیویەتی:" ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عەقید فەهد شاعر لە موسڵ ڕۆژی یەکشەممە[٢٧ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣] ڕایگەیاند کە هێزی (یەرموک)ی وڵاتەکەی لەگەڵ هێزە عێراقییەکان، بەشداریکردووە لە پاککردنەوەی ناوچەی (خابوور) لە باکووری عێراق لە هەڵگەڕاوە کوردەکان"(Le Monde, 29 octobre 1963 ). ئەم گوتارەش هەموو گومانێکی لەسەر دەرچوونی پرسەکە لەچوارچێوەیەکی نێوخۆیی نەهێشت و بواری ڕەخساند بۆ نوێنەرانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا بە دەنگێکی بەرزتر لە جاران، داوای یارمەتی و کۆمەکی نێودەوڵەتی بکەن، بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد لەبەردەم پرۆسەی قڕکردن و لەناوبردنی بە کۆمەڵ کە حکومەتی عێراقی ئەنجامی ئەدا و تیایدا هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤی بەزاند بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی دووشەممەی (٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣) سکاڵایەک پێشکەشی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات و تیایدا بەدەستەواژەی توند نووسی:" چەوساندنەوەی پێکهاتەی کوردی کە حکومەتی عێراقی ئەنجامی ئەدات کارێکی نارەوایە و سەرکۆنەی دەکەین"(Le Monde, 30 octobre 1963 ). دواجار ئەم پرۆسە سەربازییانە ئامانجی خۆیان نەپێکا، بەو هۆیەوە حکومەتی عێراقی بۆ جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد، وەک ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بە سوود وەرگرتن لە ڕاگەیەنراوی ئێستگەی بەغدا لە ڕۆژی دووشەممەی ڕیککەوتی (١١ی شوباتی ١٩٦٤) بڵاویکردەوە:" وەزیری ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراقی عەبدولکەریم فەرحان(١٩٢٢-٢٠١٥) لە وتارێکی ڕۆژنامەوانی لە ئێستگە ڕایگەیاند، ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی داوای لە لایەنگرانی کردووە چەکەکانیان دابنێن ، دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دانا و بڕیاریدا ئەم مافانە لەدەستووری کاتی جێگیر بکات و تەواوی گیراوە سیاسییەکانی کورد ئازاد بکات و کۆتایی بە ئابلوقەی ئابووری سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان بهێنێ. هاوکات هەر بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)، ئێستگەی بەغدا ڕاگەیەنراوێکی جەنەراڵ مستەفا بارزانی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاگربەستی ڕاگەیاند و داوای لە جەنگاوەرە کوردەکان کرد بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و دەست بەکاری ئاسایی خۆیان بکەنەوە(Le Monde, 12 février 1964).

سەبارەت بە وردکارییەکانی ڕاگرتنی شەڕ و هەڵوێستی ڕۆژنامەکە لەم بارەوە لە بابەتێکیدا بەناونیشانی ( ئاگربەستی عەرەبی-کوردی) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد:" ئاگربەست لەنێوان هێزە عێراقییەکان و هەڵگەڕاوە کوردەکان لەڕۆژی (١٠ی شوبات) ڕاگەیەنرا، نەبووە هۆی سەرسامی چاودێرانی کاروباری (لوتکەی عەرەبی) کە مانگی ڕابردوو لە قاهیرە ئەنجام درا. لەبەرئەوەی لەدوای دەستێوەردانی هاوبەشی سەرۆک عەبدولناسر و بین بیلا، جگە لەسەرۆکی وڵاتانی دیکەی عەرەبی، عەبدولسەلام عارف سەرۆکی عێراق بەڵێنیدا دانوستاندنی ڕاستەقینە لەگەڵ ڕێبەری هەڵگەڕاوەکان جەنەرال بارزانی ئەنجام بدات". ئەمەش گوزارشت بوو لە هەڵوێستی سیاسی ئەرێنی سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەرامبەر پرسی کورد لە عێراقدا. هەر بۆیە لە درێژەی بابەتەکەیدا نووسیویەتی سەرۆک (عەبدولناسر) هەرگیز دژایەتی خۆی نەشاردۆتەوە بۆ بڕیاری بەغدا، سەبارەت بەدانانی سنوورێک بۆ هەڵگەڕاوە کوردەکان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە(Le Monde, 14 février 1964 ).

شیاوی باسە لەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی سیاسی کورد، حکومەتی عێراقی بڕیاری لەسەر چەندین پرۆژەدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان(Le Monde, 14 février 1964)، هاوکات (٤٥٠) گیراوی سیاسی کوردی ئازاد کرد(Le Monde, 20 février 1964)، بەڵام ڕۆژنامەی خەباتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هەڵێنابێ، سەرباری بەڵێنەکانی کە بەسەرکردایەتی کوردیدا(خبات،1965،ص4). ئەم ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەکە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، حکومەتی عێراقی ئامانجی

چارەسەرکردنی دۆزی کوردی نەبووە. بەو هۆیەوە وەک ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بڵاویکردۆتەوە تەنها دوای تێپەڕبوونی(٨) مانگ بەسەر ڕاوستانی شەڕ، وەزیری ناوەخۆی عێراق سوبحی عەبدولحەمید(١٩٢٤-٢٠١٠) لە دیدارێکی لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی ( المحرر)ی لوبنانی لە بەغدا ڕایگەیاند:" عێراق پلانی نییە بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بە کورد بدات نە لە ئێستا و نە لەداهاتوو"( Le Monde, 03 février 1965). ئەم گوتارە فەرمییە لەلایەن کاربەدەستێکی پلە باڵای حکومەتی عێراقی، جارێکی دیکە دۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی بردەوە و بەو هۆیەوە وەک ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بە سوود وەرگرتن لە قسەکەرێک بەناوی ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی ڕۆژی چوارشەممە(١٠ی ئاداری ١٩٦٥) ڕایگەیاند:" حکومەتی عێراقی لە (٢٨ی شوباتی١٩٦٥)  مۆڵەتی(٢٤) کانزمێری کوردەکان داناوە، بۆئەوەی چەکەکانیان فڕێ بدەن و سەرکردایەتی سیاسی کوردیش ڕەتیکردەوە و لەڕۆژی دواتر هێرشی ئاسمانی و بۆردومانی تۆپهاوێژەکانی عێراق، دەستیان کردەوە بە بۆردومانی ناوچە کوردییەکان"(Le Monde, 11 mars 1965).

### ٦. هەڵوێستی ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بەرامبەر دۆزی کورد

لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکانی ڕۆژنامەی (لۆمۆند) لەسەر دۆزی کورد لە عێراقدا زیادییان کرد. تەنانەت ڕۆژنامەکە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکات، لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد، لە ئایاری ١٩٦٥ پەیامنێرێکی خۆی بەناوی ئیریک ڕۆلۆ(١٩٢٦-٢٠١٥) ڕەوانەی عێراق و ناوچە گەرمەکانی شەڕ کرد لە باشووری کوردستان. ئەم پەیامنێرە لەیەکەم هەواڵی کە بەناونیشانی (جەنگی نهێنی دژی جوداخوازانی کورد، بەشداردەبێ بۆ زیادبوونی نەیارانی ڕژێمی عارف) ، لە (١٤ی ئایاری ١٩٦٥) بابەتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا نووسیویەتی:" پێنج تیپی پیادەی سەربازی عێراقی لە (٥ی ئایاری١٩٦٥) هێرشیان کردە سەر شاخەکانی کوردستان کە لەژێر دەست و هەژموونی جەنگاوەرانی بەرگری جەنەراڵ بارزانیدان. سەرباری ئەوەی بەر لەمە بەدوو ڕۆژ، تانک و زریپۆشەکان، شەقامەکانی شاری سلێمانیان داگیر کرد کە دڵی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردییە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن. ئاگری تفەنگەکانیان کردە هاوڵاتیان. بەم شێوەیە حکومەتی بەغدا بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەختە، کۆتایی بە ئاگربەستی شوباتی ١٩٦٤ هێنا"( ROULEAU, 14 mai 1965). دیارە ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دوای گواستنەوەی وێنای کۆمەڵکوژیکردنی هاوڵاتیانی سڤیلی کورد لە سلێمانی، بەڵگەی تاوانەکانی سوپای عێراقی خستە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەپێناو بەدەنگەوەهاتنی گەلی کورد و ڕاگرتنی پرۆسەکانی جینۆسایدکردنی، کە لە بەرامبەری ئەنجام دەدرا.

بەئامانجی پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکانی لەڕێگەی پەیامنێرەکەیەوە لە باشووری کوردستان گەیشتە پاریس، ڕۆژنامەکە لە (٢١ی ئایاری ١٩٦٥) دەقی کونگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی جەلال تاڵەبانی بڵاوکردەوە کە لە (لەندەن) ئەنجامیدا. تیایدا تاڵەبانی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراقی کۆمەڵکوژیی دژی دانیشتوانی سڤیلی کورد لە سلێمانی ئەنجامداوە، و زیاتر لەمەش، تاڵەبانی گوتی:" حکومەتی عێراقی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد چەکی قەدەغەکراوی وەک گازی ژەهراوی و بۆمبی ناپاڵمی دژی بەرخۆدانی کورد بەکارهێناوە"(Le Monde, 22 mai 1965 ). ئەم فشارە سیاسییانەی ڕۆژنامەکە لەسەر حکومەتی عێراق دروستیکرد بۆ ڕاگرتنی پرۆسە سەربازییەکان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی تاڵەبانی، دەسەڵاتدارانی بەغدای نیگەران کرد، بەو هۆیەوە باڵیۆزی عێراق لە (لەندەن) لەڕۆژی چوارشەممەی (٢٦ی ئایاری١٩٦٥)، سەرباری نیشاندانی نیگەرانییەکانی لە ڕۆژنامەگەری جیهانی بەگشتی، پەنجەی تۆمەتی بۆ حکومەتی بەریتانیا ڕەوانەکرد و گوتی:" بریتانیا کارێکی نادۆستانەی بەرامبەر عێراق کردووە بە ڕێگادان بە جەلال تاڵەبانی بۆ ئەوەی بگاتە بریتانیا و گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بریتانیا و دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیان ئەنجام بدات"(Le Monde, 28 mai 1965).

بەم شێوەیە ڕۆژنامەی(لۆمۆند)، ململانێیە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشگێرانی کوردی گواستەوە سەر لاپەڕەکانی، بەڵکو جیاواز لەهەر کاتێکی دیکە چڕوپڕتر، هەواڵی پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی تایبەت بە پرسی کوردی بڵاودەکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەکە بووە سەکۆیەکی کاریگەر بۆ خستەڕووی تەواوی وردەکارییەکانی پەیوەست بە پرسی کورد و لەدرێژەی ئەم بابەتانەی بڵاویکردنەوە لە ژمارەی ڕۆژی( ١٤ی کانونی دووەمی١٩٦٦) بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی (دۆزی کورد) بڵاوکردەوە، کە تیایدا باسی لەوە کرد :" ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ بانگەوازی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق کردوە و داوای لێدەکات بە پەلە هەموو ئەو ڕێکارە گونجاوانە بگرێتەبەر بۆ دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کە کوردەکان داوای دەکەن و خۆیان لەپێشتر بەڵێنیان پێیان داوە. هاوکات بەپێویستی دەزانن جارێکی دیکە یەکسانی و دادپەروەری و برایەتی بگەڕێتەوە لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق"(Le Monde, 14 janvier 1966 ). وەک لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە حکومەتی عێراقی ئەم بانگەوازەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ فەرامۆشکرد و بەپێچەوانەوە توندتر لەجاران، هەرچی ئامرازی سەرکوتکردن هەبوو بۆ لەناوبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی گرتەبەر. لەلای خۆیانەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەردەوام بوو لە بانگەوازکردن بۆ نێوەندە سیاسییە

نێودەوڵەتییەکانی خاوەن بڕیار. لەم نێوەندەشدا ڕۆژنامەی (لۆمۆند)، ئاماژەی بە یاداشتێکی ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی کردووە کە لەڕۆژی(١٨ی شوباتی ١٩٦٦) ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوسانت) و (لێژنەی مافی مرۆڤ) و (لێژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیستعمار)ی سەر بەم دامەزراوە نێودەوڵەتییە کرد. تیایدا داوا دەکات لێژنەیەک ڕەوانەی باکووری عێراق بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی گەلی کورد هەیەتی، سەبارەت بە ئامانجی حکومەت بۆ لەناوبردنی گەلی کورد. لە بەشێکی یاداشتەکەی بارزانیدا هاتووە:"حکومەتی عێراقی سیاسەتی (زەوی سوتێنراو) پیادەدەکات و دوای بۆردومانکردنی گوندەکان، هەزاران هاوڵاتی کوردی لەسەر زێدی خۆی ڕاگواستووە. سەرباری پیادەکردنی پرۆسەی کۆمەڵکوژی دژی گەلی کورد"( .(Le Monde, 19 février 1966

## ٧. ئەنجام

لە دوای گوزەرکردن و لێکۆڵینەوە لە تەواوی هەواڵ و بابەتەکانی لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی لەسەر دۆزی کورد لە عێراقدا بڵاوکراونەتەوە، گەیشتینە ئەم چەند دەرئەنجامەی خوارەوە:

١-ڕۆژنامەکە سەرباری پارێزگاریکردن لە ئەرکی پیشەییانەی خۆی، لەچوارچێوەی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە دیموکراسییەکان، هاوسۆزی لەگەڵ دۆزی کورد لە عێراق نواندووە، لە ڕێگەی گواستنەوەی وێنای ڕاستەقینەی بارودۆخی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکە.

٢- لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە حوزەیرانی ١٩٦٣، ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بەدیدێکی مرۆڤ دۆستانە، سەیری دۆزی کوردی کردووە، نەک بەئێراماتێکی سیاسی، چونکە لەم کاتەدا ڕۆژنامەکە سەرباری هەبوونی ئەو پانتاییە بەرفراوانەی دیموکراسییەت و ئازادی ڕۆژنامەگەریی، بەڵام نەیتوانیوە پێچەوانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە پرسی کوردی لە عێراق وەک بابەتێکی نێوخۆیی سەیر دەکرد، ئاڕاستەیەکی دیکەی جیاواز وەربگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە هەمیشە هەوڵیداوە دەنگی نوێنەرانی شۆڕشی کورد بگەیەنێتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەپێناو بەدەستهێنانی یارمەتی و هاوکاری مرۆیی حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان.

٣- بەدرێژایی ماوەی بەردەوامبوونی شۆڕشی کورد، ڕۆژنامەی لۆمۆند، زانیاری وردی لەسەر بارودۆخی شەڕ لە عێراقدا، خستەڕوو، بەڵام هیچ کات لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا، تۆمەتبار نەکرا بە پشتگیریکردنی شۆڕشگێرانی کورد، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕۆژنامەکە سەرباری هەوڵەکانی بۆ پاراستنی بێ لایەنی، بەڵام بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراقی، لەبەرچاوگرتووە. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین ڕۆژنامەکە، سیاسەتێکی هاوسەنگی لە خستنەڕووی دۆزی کورد پیادە کردووە.

4- ڕۆژنامەکە سەکۆیەک بووە بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی شۆڕش و داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە جیهان.

٥- هەرچەندە زۆربەی ئەو بابەتانەی لەسەر کورد لەم ڕۆژنامەیە بڵاوکرانەوە، گوزارشتیان لەژیانی ئاڵۆزی ئەم ناوچەیە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەی پەیامنێرەکەیان (ئێریک ڕۆڵۆ) لە ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان ئامادەی کرد، کەسایەتی ئاشتیخوازانەی تاکی کوردی نیشانی جیهان داوە. ئەمەش بەو مانایە بوو، گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و شەڕی بەسەردا سەپێنراوە، نەک شەڕخواز و ئاژاوەگێربن، وەک حکومەتی عێراقی هەولی بۆدەدا، بەم شێوەیە وێنای بکات بۆ جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

## ٨. لیستی سەرچاوەکان


### • بڵاوکراوە حکومییەکان

- الوقائع العراقية/
العدد(2)، 28 تموز 1958.

### • ڕۆژنامەکان

**-بەزمانی عەرەبی:**

- وزارة أعمار الشمال على حقيقتها، خبات(جريدة)، ع(476)، شباط 1965.

**- بەزمانی فەرەنسی**

- LECTEURS, À NOS 19 décembre 1944.
- NIKITINE, B. A propos des Kurdes, 11 décembre 1945.
- L'état de siège maintenu dans les provinces kurdes, 28 décembre 1945.
- On craint un soulèvement kurde,12 avril 1946.
- FERRO,Maurice La république autonome kurde d'Azerbaïdjan, 08 mai 1946.
-LE GOUVERNEMENT IRAKIEN amnistie un chef révolutionnaire kurde, 04 septembre 1958.

- LES FORCES KURDES S'EMPARENT D'UN BARRAGE, 21 septembre 1961.
-LES NATIONALISTES KURDES LANCENT UN APPEL À L'O.N.U., Le Monde, 25 septembre 1961.
-Téhéran dément l'arrestation du chef de la révolte kurde d'Irak., 28 septembre 1961.
- SUCCÈS KURDES EN PROCHE-ORIENT, 20 août 1962.
- DEUX MILLE KURDES ONT ÉTÉ MASSACRÉS PAR LES BOMBARDIERS DU GÉNÉRAL KASSEM, 17 septembre 1962.
- Le général Barzani est bien vivant, déclare un porte-parole du mouvement nationaliste kurde., 04 janvier 1963.
- Le général Kassem donne dix jours aux rebelles kurdes pour déposer les armes., 12 janvier 1963.
- Les Kurdes se rallient à la revolution, 11 février 1963.
- EDOUARD H. SAAB, Le président Aref recevrait le général Barzani afin de rechercher une solution au problème kurde, 13 février 1963.
-Une délégation des rebelles kurdes est arrivée à Bagdad, 22 février 1963.
- Reprise des entretiens entre le gouvernement et les Kurdes, 28 février 1963.
- LES POURPARLERS ARABO-KURDES auraient abouti à une impasse, 23 mars 1963.
- Selon " Troud " BAGDAD PRÉPARERAIT UNE ATTAQUE CONTRE LES KURDES, 16 avril 1963.
- E. R., LA " PRAVDA " APPORTE SON SOUTIEN aux revendications des Kurdes d'Irak, 08 mai 1963.
- Le président Nasser a reçu le chef de la délégation kurde, 03 juin 1963.
- E. S, Le chef d'une délégation kurde se déclare satisfait de ses conversations avec le président Nasser, 08 juin 1963.
- Le gouvernement irakien décide de reprendre la lutte contre les Kurdes Bagdad lance un ultimatum au général Rarzani, 11 juin 1963.
- Les forces régulières auraient infligé de lourdes pertes aux rebelles kurdes, 13 juin 1963.
-La tentative du gouvernement irakien contre les Kurdes est vouée à l'échec déclare à Paris M. Talabani, 13 juin 1963.
- EDOUARD H. SAAB, LE GOUVERNEMENT DE BAGDAD PARAIT RÉSOLU à pousser jusqu'au bout la lutte contre les Kurdes, 18 juin 1963.
-L'U.R.S.S. condamne l'action du gouvernement irakien contre les Kurdes, 18 juin 1963.
- Le gouvernement admet l'existence " d'une forte résistance " kurde, 24 juin 1963.
- Le problème kurde internationalisé, 10 juillet 1963.
- L'U.R.S.S. PREND OFFICIELLEMENT LA DÉFENSE DES REBELLES KURDES, 11 juillet 1963.
- CARLO a PRATO, Le Conseil économique et social de l'O.N.U. rejette une résolution soviétique s'élevant contre le massacre des Kurdes, 13 juillet 1963.
-M. JALAL TALABANI DÉCLARE AU " MONDE “: " La cause nationale kurde triomphera sur les champs de bataille et non à l'O.N.U. “,19 septembre 1963.
-LE REPRÉSENTANT DES KURDES A NEW-YORK DEMANDE L'ENVOI D'UNE COMMISSION D'ENQUÊTE EN IRAK, 17 octobre 1963.
- DES UNITÉS SYRIENNES PARTICIPENT AUX OPÉRATIONS CONTRE LES KURDES, 22 octobre 1963.
-Les forces syriennes ont participé au " nettoyage " des villages kurdes, , 29 octobre 1963.
- LA LIGUE INTERNATIONALE DES DROITS DE L'HOMME S'ÉLÈVE CONTRE LE MASSACRE DES KURDES EN IRAK, 30 octobre 1963.
- UN ACCORD de cessez-le-feu a été conclu avec les maquisards kurdes, 12 février 1964.
- Le cessez-le-feu arabe-kurde, 14 février 1964.
- BAGDAD ANNONCE DE VASTES PROJETS DE DÉVELOPPEMENT DANS LA RÉGION KURDE, 14 février 1964.
- LIBÉRATION DE DÉTENUS KURDES EN IRAK, 20 février 1964.
- LA TENSION SE DÉVELOPPE ENTRE LE GOUVERNEMENT DE BAGDAD ET LES KURDES IRAKIENS, 03 février 1965.
- L'ARMÉE IRAKIENNE AURAIT REPRIS SES OPÉRATIONS CONTRE KURDES, 11 mars 1965.
-ROULEAU,ERIC. LA GUERRE "SECRÈTE" CONTRE LES AUTONOMISTES KURDES contribue à cristalliser l'opposition au régime du maréchal Aref, 14 mai 1965.
- L'ARMÉE IRAKIENNE FERAIT USAGE DE NAPALM ET DE GAZ CONTRE LES MAQUISARDS KURDES, 22 mai 1965.
- L'IRAK PROTESTE AUPRÈS DU FOREIGN OFFICE AU SUJET DU SÉJOUR A LONDRES D'UN LEADER KURDE., 28 mai 1965
- LE PROBLÈME KURDE, 14 janvier 1966.
- LES KURDES DEMANDENT AUX NATIONS UNIES L'ENVOI D'UNE COMMISSION D'ENQUÊTE EN IRAK DU NORD, 19 février 1966.
-" Le problème kurde doit être résolu sur la base de l'autonomie " déclare le nouveau chef de l'État irakien, 20 avril 1966.
- LE CHEF DU GOUVERNEMENT IRAKIEN OFFRE AUX KURDES UNE FORME DE DÉCENTRALISATION PROVINCIALE, Le Monde, 26 avril 1966.
-LE PRÉSIDENT AREF: aucune autonomie ne sera jamais accordée aux Kurdes., Le Monde, 29 avril 1966.

-LES FORCES IRAKIENNES AURAIENT DÉCLENCHÉ une offensive contre les Kurdes, Le Monde, 14 mai 1966.
- Le chef du gouvernement irakien rend public un plan en douze points en vue de régler le problème kurde, Le Monde, 01 juillet 1966.
-LE GÉNÉRAL AREF A RENCONTRÉ LE CHEF DES REBELLES KURDES, Le Monde, 31 octobre 1966.
-LES ENTRETIENS DU GÉNÉRAL AREF AVEC LES DIRIGEANTS KURDES, Le Monde, 02 novembre 1966.
-LE LEADER DES NATIONALISTES KURDES D'IRAK SE SOLIDARISE AVEC LES ARABES CONTRE L'" AGRESSION " ISRAÉLIENNE, Le Monde, 15 juillet 1967.
- Le général Barzani prie le général de Gaulle de ne pas livrer des armes à l'Irak avant le règlement du problème kurde, 08 février 1968.
- Le nouveau régime s'engage à résoudre le problème kurde sur la base du plan de règlement du 29 juin 1966, 06 août 1968.

- **کتێب:**

**- به زمانی کوردی**

- جەلال،مام. (٢٠١٧)، دیداری تەمەن لەلاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی: سەلاح رەشید، ب١، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی،

**-بەزمانی عەرەبی:**

- البياتي، حامد. (1996). أسرار أنقلاب 8 شباط 1963 في العراق(في الوثائق السرية البريطانية)، مؤسسة الرافد، لندن.
- ملا، د. جواد.(2008). كوردستان و الكورد( وطن مسروق ومغتصب و مقسم، أمة مستعبدة و سجينة و بلا دولة)، ط3.
- برزنجي، عبدالحميد علي.(2007). دور ثورة أيلول 1961-1975 في حركة التغير الاجتماعي، اربيل.
- جاسم، عبدالمناف شكر.(1980). العلاقات العراقية- السوفيتية(1944- 8شباط1963)، بغداد.
- السمر، عمار علي.(2012). شمال العراق 1958- 1975( دراسة سياسية)، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت.
- سلطان، قدوري زبير. (1995). القضية الكردية من الضحاك الى الملاذ، دمشق.
- زبيدي، محمد حسين.( 1983) ثورة(14 تموز1958)في العراق(اسبابها و مقدماتها و مسيرتها)، بغداد.
- الزهيري، زينب عبدالحسن، (2012). عبدالرحمن عارف و دوره السياسي في العراق 1966-1968، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.
- علي، موسى السيد.( 2001 ). القضية الكردية في العراق من الاستنزاف إلى تهديد الجغرافيا السياسية. مركز الإمارات للدراسات والبحوث، مصر.

**-بەزمانی ئینگلیزی:**

- Gibson, Bryan R. (2015). sold out? Us Foreign Policy, Iraq, the Kurds and the Cold war, New York.

**انعكاس القضية الكردية في صحيفة لوموند الفرنسية**

**١٩٦١-١٩٦٨**

**قارەمان حيدر رحمان**
قسم التاريخ،كلية الادابوجامعة صلاح الدين-أربيل
qaraman.rahman@su.edu.krd

**اسماعيل عبدالله اسماعيل**
قسم التاريخ،كلية الاداب-،جامعة صلاح الدين-أربيل
ismael.ismael1@su.edu.krd

**ملخص**

تعد صحيفة لوموند الفرنسية، منذ تأسيسها عام 1944، من أكثر المراكز الصحفية تأثيرا، حيث خصصت مساحة مناسبة للقضية الكردية. وذلك باستخدام معلومات من مصادر مختلفة، مثل وكالات الأنباء الفرنسية AFP، ووكالة رويترز الأمريكية، ووكالات الأنباء السوفيتية TASS، أو القنوات الإعلامية للحكومة العراقية والثورة الكردية. وفي بعض الأحيان كان مراسلو الصحيفة في العواصم الأوروبية والأمريكية وفي الشرق الأوسط، يعدون تقارير حول هذه القضية. ونتيجة لذلك، تمكنت الصحيفة من لعب دور مهم في التعريف لقضية الكردية في المراكز السياسية الدولية المؤثرة وأصبحت مصدرا مهما للبحث.يتكون هذا البحث الذي يحمل عنوان (انعكاس القضية الكردية في صحيفة لوموند الفرنسية 1961-1968) من مقدمة وخمسة مباحث. يناقش المبحث الأول بدايات طرح القضية الكردية في صحيفة لوموند ويركز المبحث الثاني على انعكاس القضية الكردية في الصحيفة في عهد عبد الكريم (1958-1963). وفي المبحث الثالث، ولنفس غرض المبحث السابق، وردت مناقشة مختصرة عن فترة الأخوين (1963-1968). وبالإضافة إلى الموضوع الرابع، يعرض التضامن الدولي من أجل القضية الكردية، وفي الموضوع الخامس من الدراسة الذي خصص لبيان موقف صحيفة (لوموند) من نفس القضية في العراق. وأخيرا توصلنا إلى أن صحيفة لوموند لعبت دورا مهما في التعريف القضية الكردية، أمام المجتمع الدولي ومراكز صنع القرار السياسي المؤثرة.

**الكلمات المفتاحية:** القضية، كردي، فرنسا، صحيفة، لوموند.

**Reflection of the Kurdish Issue in The French Newspaper Le Monde**

**Qaraman Haidar Rahman**
Department of History, College of Arts,Salahaddin University-Erbil
qaraman.rahman@su.edu.krd

**Ismail Abdullah Ismail**
Department of History, College of Arts,Salahaddin University-Erbil
ismael.ismael1@su.edu.krd

**Abstract**

Since its founding in 1944, the French Newspaper Le Monde has been one of the most influential journalistic centers, as it has allocated appropriate space to the Kurdish issue. This is done using information from various sources, such as the French news agencies AFP, the American news agency Reuters, the Soviet news agencies TASS, or the media channels of the Iraqi government and the Kurdish revolution. Sometimes the newspaper's correspondents in European and American capitals and in the Middle East prepared reports on this issue. As a result, the newspaper was able to play an important role in introducing the Kurdish issue to influential international political centers and became an important source for research.This research, entitled (Reflection of the Kurdish issue in the French Newspaper Le Monde 1961-1968), consists of an introduction and five sections. The first section discusses the beginnings of presenting the Kurdish issue in Le Monde newspaper, and the second section focuses on the reflection of the Kurdish issue in the newspaper during the era of Abdul Karim (1958-1963). In the third section, for the same purpose as the previous section, there was a brief discussion of the period of the Sufi brothers (1963-1968). In addition to the fourth topic, international solidarity for the Kurdish issue is presented, and in the fifth topic of the study, the position of Le Monde newspaper on the same issue in Iraq is devoted to a special discussion. Finally, we concluded that Le Monde newspaper played a role in introducing the Kurdish issue to the international community and influential political decision-making centers.

**Keywords:** issue, Kurdish, France, Newspaper, Le Monde.